Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-04

# ڕۆڵی پەندی پێشینان لە پاراستنی کەلتووری کوردیدا

ڕزگار عبدالله احمد [1]،کاروان سلیم قیطران [2]

1-بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان – عێراق
2-بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

وشە کلیلیەکان: ئەدەبی زارەکی، کەلتوور، پەند، داب و نەریت، لایەنی مەعریفی.

**Corresponding Author**

Rizgar.abdullah@uor.edu.krd
Karwan.saleem@uor.edu.krd

## پوختە

ئەدەبی زارەکی وەکو بەشێک لە کەلتووری گەلی کورد، یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەی کورد، کە دەتوانرێت وەکو سیمایەکی تایبەت و جیاکەرەوەی فەرهەنگی نەتەوەیی لێی بڕوانرێت، چونکە ئەدەبیاتی زارەکی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکی کەلتووری ئەو نەتەوە سەیردەکرێت و سیمایەکی تایبەت بەخۆی هەیە و دەکرێت وەکو بەشێک لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی کەلتووری ئەو نەتەوە تەماشابکرێت.

لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێت بوترێت یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەندی پێشینان پاراستنی بەشێک لە کەلتووری نەتەوەی کوردە، چونکە لێوڕێژە لە کۆمەڵێک بابەتی کەلتووری و دابونەریتی پەیوەست بە کۆمەڵگەی کوردی، کە لە باب و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(ڕۆڵی پەندی پێشینان لە پاراستنی کەلتووری کوردیدا) هەوڵدەدات کۆمەڵێک بابەتی کەلتووری وەکو داب و نەریت و لایەنی مەعریفی لە پەندی پێشینانی کوردیدا بخاتە بەرباس، هەروەها ئەوەش ڕوونبکاتەوە، کە بۆچی وێرای ئەوەی ئەم بابەتە کەلتوورییانە مێژوویەکی دێرینیان هەیە، بەڵام ئێستاش دەشێت وەکو بەشێکی زیندووی ئەدەب ئەژمار بکرێت.

ئەم توێژینەوەیە پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی- شیکاری) دەکات. بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە، ئەوە دەسەلمێنێت، کە تا ئێستاش پەندی پێشینان پارێزەری چەندین داب و نەریت و بابەتی کەلتووری کوردییە، ئەوەش پشتڕاست دەکرێتەوە، کە کۆمەڵگەی کوردیش وەکو هەموو کۆمەڵگەکانی تر بێبەش نییە لە کۆمەڵێک بابەتی کەلتووری، کە دەشێت ئەمەش وەکو بەشێک لە ناسنامەی کۆمەڵگەی کوردی لێی بڕوانرێت.

یەکێک لەو ئەنجامە گرنگانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە ئەوەیە، کە بەشێک لە بابەتە کەلتورییەکانی وەک داب و نەریت و لایەنی مەعریفی گەلی کورد، لە چوارچێوەی پەندی پێشیناندا گوزارشتیان لێکراوە و پارێزراون.

## پێشەکی

خزمەتکردن بە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی کارێکی گرنگ و پێویستە، چونکە وێڕای ئەوەی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی ناوەڕۆکەکەی پڕیەتی لە بابەتە کەلتوورییەکان و داب و نەریت و لایەنی مەعریفی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام بە ئەندازەی پێوست بایەخی پێنەدراوە و زۆرێک لەو کتێب و کەرەستانەی دەچنە خانەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییەوە و دەکرێت وەکو بەڵگەیەکی گرنگی کەلتووری و فەرهەنگی و مەعریفی گەلی کورد لێیان بڕوانرێت تا ئێستاش لە کونجی فەرامۆشیدا پشتگوێخراوون. بۆیە هەوڵدراوە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە لایەنێکی پەراوێزخراوی ئەم ئەدەبیاتە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بە خوێنەر و شارەزایان ئەم بوارە ئاشنابکرێت.

- ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە، کە لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی پەندی پێشینان لە پاراستنی کەلتووری کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی بەشێک لەو کەلتوور و داب و نەریت و زانین و مەعریفانەی کۆمەڵگەی کوردی، کە لە پەندی پێشیناندا پارێزراون.

- هۆی هەڵبژاردن: ئەو پەندانەی لە کتێبی (دیاری مهاباد)دان، لێورێژن لە بابەتی کەلتووری و داب و نەریت و لایەنی مەعریفی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها لە سەرەتای کتێبەکەدا باسی چۆنییەتی کۆکردنەوەی ئەو پەندانە کراوە، چونکە پەند بەشێکە لە ئەدەبی زارەکی، بۆیە مەلا غەفوری دەباغ گوند بە گوند گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەیان، ئەمەش ئەم بیرۆکەیەی لا گەڵاڵە کردین، کە دەکرێت بە دوای کەلتوور و داب و نەریت و لایەنی مەعریفی ئەوگوند و ناوچانەی کۆمەڵگەی کوریدا بگەڕێین، کە ئەو پەندانەیان تێدا کۆکراوەتەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ویستی ئەوەمان لا دروست ببێت بە شێوەیەکی زانستی بەدواداچون بۆ ئەم بابەتە بکەین و توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدەین.

- کێشە و گیروگرفتی توێژینەوەکە: کتێبی (دیاری مهاباد) کتێبێکە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک پەندی کوردی، کە بە شێوازی هۆنراوە دارێژراوون لەگەڵ چەند شیعرێک، بەڵام وەکو لە ناونیشانەکەیەوە دیارە تا نە خوێندرێتەوە نازانرێت، کە ناواخنی کتێبەکە پەندی کوردییە، بۆیە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەمانەوێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە: ئایا تا چەند لەم پەندانەدا کەلتوور و داب و نەریت و مەعریفەی کۆمەڵگەی کوردی پارێزراوە؟ یاخود دەکرێت پەندەکانی ناو ئەم کتێبە وەکو کانگایەکی کەلتوور و داب و نەریت و مەعریفەی کۆمەڵگەی کوردی لێی بڕوانرێت؟

ئامانجی توێژینەوەکە: لە پەندەکانی ئەم کتێبەدا هەندێ بابەتی کەلتووری و داب و نەریت و مەعریفی خراونەتەڕوو هەتا ڕاددەیەک سەرنج ڕاکێشن و ویستی ئەوە لای خوێنەر و توێژەر دروست دەکات بچێتە بنج و بناوانیان تا هۆکاری باسکردن و وروژاندنی ئەم بابەتانەی ناو پەندی کوردی بزانێت. باشترین زانینیش ئەو زانینەیە، کە لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی دەسەلمێنرێت و پێمان دەگات، لەم ڕوانگەیەشەوە بەم ئامانجە هەوڵدراوە بەپێی توانا و بە شێوەیەکی گشتگیر بخرێتە بەر باس و توێژینەوە و دیوە شاراوەکانی بە خوێنەر ئاشنا بکرێت. یەکێکی تر لە ئامانج و پاڵنەرەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە بوو بە توێژینەوەیەکی زانستی (دیاری مهاباد) بە خوێنەری کوردی بناسێنرێت، چونکە بەپێی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە تا ئەم کاتە هیچ توێژینەوەیەک لەسەر ئەم کتێبە ئەنجام نەدراوە.

گرنگی توێژینەوەکە: بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی تایبەت بە فۆلکلۆر و پەند و کەلتوور و داب و نەریت و مەعریفە، ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە پەندەکانی کتێبی (دیاری مهاباد)دا، تا چەند لایەنی مەعریفی و کەلتووری و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی باسکراوە و پارێزراوە؟ لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوە دەخرێتەڕوو و ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە چۆن پەندی کوردی بووەتە شورەیەکی پۆڵایین بۆ پاراستنی کەلتوور و داب و نەریت و مەعریفەی کۆمەڵگەی کوردی، هەروەها ئەوەش باس دەکرێت کە ئەم کتێبە چ مەڵۆیەکی خستووەتە سەر خەرمانی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی.

گریمانە: گریمانەی ئەوەدەکرێت، بە شێکی زۆر لە داب و نەریت و بابەتە کەلتووری و مەعریفییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، لە ناو پەندەکانی کتێبی (دیاری مهاباد)دا، پارێزرابن.

- سنوری توێژینەوەکە: سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە: لە بەشیک لە پەندەکانی ناو کتێبی (دیاری مهاباد).

- ڕێبازی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ڕێبازی وەصفی شیکاری بەستووە.

پرۆگرامی توێژینەوەکە: بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لە (٥) تەوەر پێکهاتووە، کە (٣) تەوەری یەکەمیان تیۆرین و (٢) تەوەرەکانی تر سەرەتا بە شێوەیەکی تیۆری ناسێنراوون و دواتر بە شێوەیەکی پراکتیکی نمونەی پەندی کوردییان لە کتێبی (دیاری مهاباد) بۆ وەرگیراوە و شیکردنەوەیان بۆکراوە، کە تەوەرەکانیش ئەمانەن:

١. ئەدەبی (فۆلکلۆر – زارەکی)

٢. پەندی پێشینان

٣. کەلتوور

٤. داب و نەریت

٥. لایەنی مەعریفی

## ئەدەبی (فۆلکلۆر – زارەکی)

ئەدەبی فۆلکلۆری یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە وەکو سامانێکی نەتەوەیی ناسراوە، چونکە تێکڕای ئەو بابەتانە لە خۆی دەگرێت، کە پەیوەستە بە تاک بەتاکی خەڵکی و ناوەڕۆک و بابەتەکانیشی گوزارشتن لە ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیری نەتەوەیی، بۆیە پێویستە پارێزگاری لێبکرێت و بە توێژینەوەی هەمەلایەن بناسێنرێت و بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەوڵەمەند بکرێت.

دەربارەی چەمک و زاراوەی فۆلکلۆر دەوترێت: فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە لە (Folk) و (Lore) پێکهاتوو، کە یەکەمیان بە واتای (خەڵک) دووەمیشیان بەواتای (کەلتوور) دێت؛ هەردووکیشیان بەسەریەکەوە (کەلتووری خەڵک – جەماوەر) دەگەیەنن(محمد جعفر قنواتی، ١٣٨٤: ١٠٢) هەر لەم بارەوە وتراوە: فۆلکلۆر لە دوو بەش پێکهاتووە (فۆلک) و (لۆر)، واتا (زانینی باو) دێت. کە ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لەلایەن توێژەری بەریتانی ویلیام تۆماسەوە لە ساڵی ١٨٤٦ بەکارهاتووە(دکتر بلاسم محسنی، ١٣٩٧: ١٤٦)

فۆلکلۆر لە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و یۆنانیدا بە واتای کەلەپووری میللەت و کەلتووری نەتەوە دێت، ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر، کە بەشێکە لە کەلتووری میللەت، پێکدێت لە: پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، گاڵتە و گەپ، هۆنراوە، ئاواز و گۆرانی و شین و لاواندنەوە و ئەفسانە و داستان(سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، ٢٠٠٥، ٩) کەواتە کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەوەی، کە فۆلکلۆر پەناگەی بابەتە کلتوورییەکانی نەتەوەیە. بابەتە کەلتوورییەکانیش پێکدێن لە: "ئەو ڕێوشوێنانەی مرۆڤ بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی بەکاری دەهێنێت، وەک دابینکردنی جلوبەرگ و خواردن و کەرەستەی کارکردن و شوێنی نیشتەجێبوون و بەشێکی سەرەکی لەو شتانەی، کە پلانی هەیە بۆ بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکانی، هەروەها بەشێک لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی وەک شێوازی چوون و گەڕانەوە بۆ سەر مێز، شێوازی دانیشتن و وەستان، هەستان و خەوتن، بینین و سەردانیکردن، دەستخۆشی، ڕێورەسمەکان و داب و نەریتی ژیان لە لەدایکبوونەوە تا مردن، هەموو ئەمانە بەشێک لە کەلتووری باو پێکدەهێنن، بۆیە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت بەبێ پشتبەستن بە کەلتووری باو لە کۆمەڵگەدا بژیت"(فاطمە عبدالحسینی، ١٤٠٢: ٣٧٥) هەر لەبەر گرنگی ئەم کەلتوورە باوەشە، کە لە ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکیدا ڕەنگیداوەتەوە و پارێزگاری لێکراوە و پشتا و پشت گوازراوەتەوە.

(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) بەم شێوەیە پێناسەی فۆلکلۆری کردووە و نووسیویەتی: "لە کۆڕی ئەدەبدا فۆلکلۆر پڕبەپڕ بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێت، کە ئەدەبیاتناسانی هەندێ وڵات بە بەرهەمی سەر زاری خوڵقێنەرانەی گەلی ناودەبەن"(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١٢) لە ڕوانگەی ئەم پێناسەوە ئەدەبی فۆلکلۆر دەبێت زارەکی بێت و گەل خاوەنداری بکات.

ئەدەبی باو تەوەری سەرەکی پێناسەیەکی ترە، کە بەم شێوەیە نووسراوە: "ئەدەبێکی باوە لەو کۆمەڵگانەدا، کە زۆربەی خەڵکەکەی نەخوێندەوارە و توانای خوێندنەوە و نووسینیان نییە"(محمد جعفر قنواتی، ١٣٨٤: ١٠٣) ئەم پێناسەیە فۆلکلۆری وابەستە کردووە بەو کۆمەڵگانەی خەڵکەکەیان نەخوێندەوارە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی، کە ئەدەبیاتێکی زارەکییە و نەنووسراوە. بۆیە "دەما و دەم و پشتاوپشت، کوڕ لە باوکەوە منداڵ لە دایکەوە دەیبیستێ و دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە، کە ئەدەبی فۆلکلۆر بە بەرهەمی تاقە کەسێک دانانرێ و دەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بە بەرهەمی خوڵقێنەرانەی گەل دەناسرێ و ڕووخساری ئاشکرای بریتییە لە سادەیی – چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی دەربڕینەوە، شەقڵی تایبەتی ئەوگەلە یا ئەو زەمانە و دەورەی خۆی پێوەیە"(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١٢) بەم هۆیەشەوە سیمایەکی تایبەتی وەردەگرێت و لە ئەدەبی نوسراو جیادەکرێتەوە.

(ڤان جێنێپ) وەکو کارێکی دەستەجەمعی دەیناسێنێت و دەڵێت: فۆلکلۆر بریتییە لە بیر و باوەڕ و کارێکی دەستەجەمعی گروپێک بە بێ هیچ تیۆرێکی زانستی و پشتگیری لۆژیکی(فاطمە عبدالحسینی، ١٤٠٢: ٣٧٣) ئەوەی ئەم پێناسەیە زیاتر جەختی لەسەر کردووەتەوە ئەوەیە، کە فۆلکلۆر لە گۆشەنیگای ئەوەوە کارێکی بەکۆمەڵە و پەیرەوی هیچ تیۆرییەکی نەکردووە و هیچ بنەمایەکی لۆژیکیشی نییە.

پێناسەیەکی تر بەم جۆرە لە فۆلکلۆر دواوە: "فۆلکلۆر بەواتای ئەدەبی باو، ئەدەبی خەڵک، کەلتووری جەماوەر دێت. فۆلکلۆر بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی نووسراوە، کە داهێنەر و نوسەرەکەی دیارە و کەسانی خوێندەوار دەینووسن، بەڵام فۆلکلۆر کۆمەڵێک گۆرانی و چیرۆکی فۆلکلۆری و پەند و شانۆ و جادووە، کە لە نێو مرۆڤە سەرەتایی و نەخوێندەوارەکاندا برەوی هەبووە"(محمد جعفر قنواتی، ١٣٨٤: ١٠٣) لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەوە فۆلکلۆر خەڵک خاوەندارییەتی دەکات نەک نوسەرێکی دیاریکراو و تایبەتیشە بە مرۆڤی سەرەتایی و نەخوێندەوار.

(ئەلکسەندەر کراپ) لە ڕوانگەی مێژووەوە بۆ فۆلکلۆری ڕوانیوە و بەم جۆرە دواوە: "فۆلکلۆر زانستێکی مێژوویە، بۆیە دەبێ ئەو زانستە مێژووییە بپارێزرێت بێ بە بناغەی ئەدەبی پێشکەوتوو"(ئەنوەر مەسیفی، ٢٠٠٤: ٦١) وەسفکردنی فۆلکلۆر بە مێژوو تاکە ڕوانگەی ئەم پێناسەیە، کە ئەمەش پێناسەیەکی ورد و گونجاو نییە، چونکە هەرچەندە فۆلکلۆر مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام ئەدەبە و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی تێیدا زاڵن، بۆیە ناکرێت وەک مێژوو سەیربکرێت.

(مەکسیم گۆرکێ)ش فۆلکلۆر و مێژووی بە یەکەوە گرێداوە و دەڵێت: "ڕەورەوەی مێژووی میللەت نازانرێ تاوەکو فۆلکلۆرەکەی نەزانرێ"(د. شوکریە ڕەسوڵ، ٢٠٠٨: ١٨٢) لەم گۆشەنیگایەشەوە دەوترێت: فۆلکلۆری هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک، بە هەموو بەشەکانیەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ناساندن و پیشاندانی کەلتوور و ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری ئەو نەتەوە، فۆلکلۆر هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان بەجێماوە(صدیق بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ١٥) ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە فۆلکلۆر لێواڵنێوە لە بابەتی کەلتووری و داب و نەریتی کۆمەڵگە و زانیاریمان پێدەدات لە سەر قۆناغە مێژووییەکانی ڕابردوو. چونکە فۆلکلۆر کەلتووری نەتەوەیە، وەسفی چۆنیەتی ژیان و بارودۆخی تایبەتی خەڵکی ئاسایی ئەو نەتەوەیە دەکات و نیشاندەری داب و نەریت و وێنەی ڕەسەنی ئەو

نەتەوەیە(فاطمە عبدالحسینی، ١٤٠٢: ٣٧٤) هەر لەم گۆشەنیگایەوە چیرنشێڤسکی دەڵێت: ئەدەبیاتی نەتەوە و ئەو شیعرە میللیانە کراون بە گۆرانی، ژیان و ڕابردوو و داب و نەریتی خەڵکی لە لەناوچوون ڕزگار کردووە(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١٢) بۆیە گەر ئەدەبی فۆلکلۆر نەبووبا بەشێکی زۆری داب و نەریتی کۆمەڵگە دەفەوتا.

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ ئەوەشدا، کە ئەدەبیاتێکی زارەکییە، بەڵام لە ڕیزبەندیدا لە پلەی یەکەمدایە، بۆیە دەوترێت: "ئەدەبی کوردی - لە پلەی یەکەمدا، فۆلکلۆری کوردییە، لەو فۆلکلۆرەدا هەر تەنیا پاشماوە و میراتی نەوە و پشتەکانی پێشوو نابینرێ، بگرە ئەمرۆش ئەو فۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ بە توانایی لە ژیاندا و بۆ ڕەنگینی هێزی بەرهەمهێنان، کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندیی ئەو بەرهەمە تازە دەکەنەوە و فراوانتر و زیاتری دەکەن، ئەوەش دەگمەن نییە، کە ڕەگەزی بەرهەمی گەلانی هاوسایە بە گۆرانی بوترێ و لە قالبی کوردیدا دارێژرێ"( د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١٤) لە لایەکی دیکەشەوە دەوترێت: زۆر جار پەیوەندیەکی مێژوویی و فەلسەفی و ئایینی لەگەڵ فۆلکلۆری نەتەوەکانی دیکەدا هەیە، دەتوانێت باڵوێزی نیازپاکی و نێردەی دۆستایەتی نەتەوەیەک بێت بۆلای گەلانی دیکەی جیهان(فاطمە عبدالحسینی، ١٤٠٢: ٣٧٤) لەم ڕوانگەیەشەوە ماکسیم گۆرکێ دەڵێت: فۆلکلۆر ئەدەبی خەڵکە و بناغەی ئەدەبی تاکەکەسیشە، ئەو کەرەستە خاویە، کە هەوێنی بەرهەمی ئەدەبی ئەدیب و نووسەرانە. بە شارەزابوونمان لە فۆلکلۆر بەرهەمی ئێستا و داهاتوومان فرەنگ دەبێت، ئەوکات بە جوانی بایەخی فۆلکلۆرمان بۆ دەردەکەوێت(د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١٣) چونکە بابەتە فۆلکلۆرییەکان فرەچەشن و دەوڵەمەند و هەمەلایەنن و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژیش بەردەوام بووە و بابەتی جۆراوجۆری خزاوەتە ناو. ئەوەی، کە گرنگە لێرە باسی بکەین و لێی بکۆڵینەوە لەچوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی کە بابەتی سەرەکی و مەودای ئیشکردنی توێژینەوەکەمانە بریتییە لە پەندی پێشینان.

## پەندی پێشینان

پەندی پێشینان لایەنێکی سەرەکی و گرنگی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆرە و هەروەکو لە زاراوەکەدا هاتووە، واتا پەند و ئەزموون وەرگرتنی ئێمە لە پێشینانمان و لەوەی، کە بەسەریان هاتووە، واتا بەسەرهاتێک، ڕووداوێک بەسەر پیشیناندا هاتووە و کەسێک ئەو ڕووداوەی لە چوارچێوەی ڕستەیەکی کورت و پوخت دارشتۆتەوە و لە کات و بەسەرهاتی هاوشیوەدا بەکاریهێناوەتەوە و بەم شێوەیە بەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، هەروەکو مامۆستا عەلائەدین سەجادی باسی دەکات و چەند چیرۆک و بەسەرهاتی پشت هەندێک لە پەندە کوردییەکانیش دەگێڕێتەوە(عەلائەدین سەجادی: ١٩٥٢ : ١٠٧ – ١١٢).

زاراوەی پەند لەزمانی ئینگلیزی و میللەتانی دەروردراوسێ بەم جۆرە باسکراوە: لە زمانی عەرەبیدا بە زۆری لە بەرانبەر زاراوەی پەندی پێشینان (المثل) بەکاردێت (ابراهیم انیس و...: ١٣٨٢ هـ.ش: ١٨٢٦)، بەڵام لە زمانی فارسیدا بە زۆری زاراوەی(ضرب المثل)ی بۆ بەکاردێت(حسن انوری :١٣٨١: ٤٨١٦ – ٤٨١٧)هەروەک لە زمانی ئینگلیزیشدا لە بەرانبەر پەندی پێشیناندا(Proverb) بەکاردێت: (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٦ : ٤٢).

زۆرن ئەوانەی، کە پەندی پێشینانیان کۆکردۆتەوە و لێیان کۆڵیوەتەوە، هەریەکەشیان لە دیدگای تایبەت و تێڕوانینی خۆیەوە پێناسەیان کردووە، بۆنموونە (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) دەڵێت: بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک. ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لەکاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک، کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەرچییەک بێت ئەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە (عیزەدین مسفەتا ڕەسوڵ: ١٩٧٠ : ٧٨). هەروەها (شێخ محمدی خاڵ)یش پێناسەی پەندی پیشینان بەم شیوەیە دەکات و دەڵێت: بریتییە لە بیرێکی جوان و پرتەو و ڕووناکییەکی دەروون، هەندێک جار هەڵدەقوڵێت لە دڵێکی ئاوەدانەوە، بۆ سەردەم و زبانێکی ڕەوان لە کاتی دووان، یا دوای ڕووداوێک، کە ڕوویدات، لە پاشان زۆر بەخێرایی دەوادەم دەکەوێت و بڵاودەبێتەوە، پشتاوپشت دەگێڕدرێتەوە، لەبەر جوانی و ڕێکوپێکی خۆی تا نموونەی ئەو شتەی، کە پەندەکەی تێدا گوتراوە ڕوودەداتەوە، ئەمجار خاوەن مەبەست پەندەکە دەخوێنێتەوە، بۆ بەهێزکردنەوەی قسەکەی، یان ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی(شێخ محمدی خاڵ: ٢٠٠٧ : ٨). (قادر فەتاحی قازی)یش دەربارەی پەند دەڵێت: قسەیەکی کوردت و پوخت و بەسوود و پرمانایە دەربارەی خەڵک، کە لە زاری کەسێکی زانا و قسەزان دێتەدەر و دەکەوێتە سەر زمانان و دەماودەم و پشتاوپشت بڵاودەبێتەوە(قادر فەتاح قازی: ١٣٦٤ هـ.ش.: ٢) هۆکاری بڵاوبوونەوە و گێڕانەوەکەشی لە ناو خەڵکدا بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە، کە ناوەرۆکەکەی پرییەتی لە بابەتی بە سود و گرنگ و پرپایەخی مەعریفی و کەلتووری و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی، کە خەڵکی وەکو زانست و دەستور و یاسای کۆمەڵگەی کوردی لێی دەڕوانن.

لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵدەدەین لە تەوەرەی داهاتوودا، وەکو دەستپێکێک بۆ چونە ناو بابەتی داب و نەریت و لایەنی مەعریفی بە شێوەیەکی تیۆری باسی کەلتوور بکەین، چونکە کەلتوور هەر یەک لە داب و نەریت و مەعریفە لەخۆ دەگرێت و مەعریفە و داب و نەریت بەشێکی سەرەکی کەلتوورن.

## کەلتوور

یەکێک لەو چەمکانەی، کە بەتەواوی پەیوەستە بە تاکەکانی کۆمەڵگەوە کەلتوورە، چونکە هەر لە بنەڕەتدا "کۆمەڵ بەهۆی کەلتوورەوە ڕێک دەخرێت، مرۆڤ بەهۆی کەلتوورەوە دەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر کۆمەڵ سیستەمی پەیوەندی کردن بێت، ئەم پەیوەندیکردنە بەهۆی کەلتوورەوە دیاری دەکرێت(پەروین سازگارا:2003: 93) و لە چوارچێوەی (کۆمەڵناسی)دا لێی کۆڵراوەتەوە و قسەی ورد و بە دیقەتی لەسەر دەکات و زانستیانە کەلتوور پەیوەست دەکاتەوە بە کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوانیان و بەها کۆمەڵایەتییەکانیانی لەم چوارچێوەدا دیاری دەکات. هەر بۆیەش؛ لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیەکاندا بەتایبەتی لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیا دا وا باوە، کە کەلتوور و کۆمەڵ ناتوانن دەستبەرداری یەکتر بنن و لەیەکتر جیابکرێنەوە و کۆمەڵی بێ کەلتوور و کەلتووری بێ کۆمەڵ بوونیان نییە(حەمید عەزیز:2014: 138)

زاراوەی (کەلتوور)یش تازە نییە، بەڵام یەکێکە لەو زاراوانەی، کە سەرەڕای واتا کۆن و فەرهەنگییەکەی خۆی، واتا و مەبەستی نوێشی لێ بارکراوە و بۆ بواری زانستی تازەش خواستراوە، چونکە ئەگەر باسی نەژاد و ئەسڵی وشەکە بکەین، دەبێت بڵێین، کە "وشەی (کەلتوور) لە زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و (کاڵچەر) لە زمانی ئینگلیزیدا لەبنەڕەتدا لە وشەی (cultura)وە هاتووە و مانای کشتوکاڵ، یان پەروەردەکردن دەگەیەنێت، هەر بەم مانایە وشەی(agriculture) لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی هەیە و مانای کشتوکاڵ دەدات"( داریوش ئاشوری: ؟ :98)، دواتر وردە وردە لە ئەدەبیات و زانستەکانی تریشدا بەکارهات و لەسەدەی (18) نووسەران بە واتای پەروەردەکردنی دەروونی و مەعنەوی بەکاریان دەهێنا و دواتر بەهۆی ئاڵوگۆڕی زاراوەی مێژوویی، وردە وردە لە نێوان ئەڵمانییەکان و فەرەنسییەکان و ئینگلیز زمانەکان (کەلتوور) لە مانا سەرەکییەکەی، کە چاندن و کێڵانی زەوی و کشتوکاڵ بوو، دوورکەوتەوە و واتای نوێی بەخشی، بۆ یەکەم جاریش بۆ واتا کۆمەڵناسی و مرۆڤناسییەکەی لەلایەن مرۆڤناسی بەریتانییەوە (ئێدوارد بارێت تایلۆر) لە ساڵی (1871) لە کتێبەکەی بەناوی(کلتووری سەرەتایی) (primitive culture) بەکارهاتووە(مەنسوور وسووقی، : 2013: 125).

زاراوەی کلتوور لە زمانی عەرەبیدا لە بەرانبەر ، زاراوەی (تراث)( ڕزگار کەریم: ؟: 100) بەکاردێت و لە زمانی فارسیشدا(فرهنگ)(ماجد مەردۆخ روحانی: 1388 هە.ش:1006)بەکاردێت لە بەرانبەر زاراوەی کلتوور. هەروەها لە زمانی کوردی و فەرهەنگە کوردییەکانی وەکو (فەرهەنگی خاڵ)دا زاراوەکە بەمانای (تورەکەیەکی بچکۆلانەیە کلی هاراوەی تێدەکرێت)(شێخ محمدی خاڵ:2005: 361) و لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)شدا بەمانای(سورمەدان)( هەژار: 1385 هە.ش: 619 )هاتووە.

هەڵبەت ئەو مانایەی زاراوەی (کلتوور)،کە لە زمانی ئینگلیزی و فارسی و عەرەبیدا باسمان کرد هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ زاراوەکە لە فەرهەنگە کوردییەکان نییە، چونکە زاراوەکە و هاتنی لەو زمانانەوە بۆ ناو زمانی کوردی تازەترە لە نووسینی ئەم فەرهەنگانە و فەرهەنگ نووسە کوردەکان زیاتر گرنگیان بە وشە و زاراوە کوردییەکانداوە و لەم نێوەندەشدا بە هەڵکەوت زاراوەی (کلتوور)ی بیانی بە وشەی (کلتوور)ی کوردی دەچێت.

کەلتوور بابەتێکی ئاڵۆز و تێک چڕژاوە، کە زۆرینەی کۆمەڵناسان و مرۆڤناسان لەسەری کۆکن، هەر ئەوەش دەکرێت هۆکارێت بۆ ئەوەی، کە لێکۆڵەرانی بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن ڕێک نەکەون، بەڵام یەکێک لە یەکەمین پێناسەکانی، کە لەلایەن (تایلۆر) – (E.B.taylor)ەوە بۆ کەلتوور کراوە و تارادەیەکیش گشتگیرە، دەکەینە بنەمای بابەتەکەمان، هەروەک تێیدا نوسراوە: بریتییە لە گشتێکی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەر و هزر و بیروباوەڕ و یاسا و دیسپلین و داب و نەریت و تراديسیۆنەکان (عورف و عادەتەکان)، بە کورتی گشت ئەو فێربوون و عادەتانەی، کە مرۆڤێک وەکو ئەندامێکی کۆمەڵ وەریدەگرێت، دەگرێتەوە(مەنوچێهر موحسنی: 2002 : 103). هەروەکو باسمان کرد کەلتوور بۆخۆی بوایێکی زۆر فراوان و بەربڵاوە، بەڵام ئێمە لەبەر بواری لێکۆڵینەوەکەمان جەخت لەسەر دوو لایەنی گرنگی دەکەینەوە، ئەوانیش (داب و نەریت) و (مەعریفە - زانین)ن.

(مەعریفە – زانین) و (داب و نەریت)، دوو کۆڵەکەی بنەڕەتی کەلتوورن، کە دەکرێت لە ڕێگەیانەوە زانیاری لەسەر زۆربەی ڕوانگە و تێگەیشتنە جیاوەزەکانی تاک و کۆمەڵگەی کوردی لێوەربگیرێت، چونکە پەندی پێشینان بابەتە کەلتوورییەکانی وەکو داب و نەریتی لە خۆگرتووە و دەربارەی هەموو ئەو خو و ڕەوشت و عادات و تەقالید و کار و چالاکی و کێشە و گیروگرفتانەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک دواوە، کە وەکو داب و نەریت لە کۆمەڵگەی کوردیدا پەیڕەوکراون، بۆیە لە دوو تەوەری کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت سەرەتا بە شێوەیەکی تیۆری لە بارەی داب و نەریت و (مەعریفە – زانین) بدوێین، پاشان بەشێوەیەکی پراکتیکی لە پەندەکانی دیاری مهاباددا قسە لەسەر بەشێک لەو داب و نەریتانە بکرێت، کە ناوەڕۆکی ئەو پەندانەیان پێکهێناوە، دواتر بەشێک لەو پەندانە دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کە گوزارشتن لە لایەنی مەعریفی و بیر و تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵگەی کوردی و پێشینانمان.

## داب و نەریت

دەتوانرێت داب و نەریت بە کۆمەڵێک یاسا و پرەنسیپی نەنووسراو پێناسەبکرێت، کە لە کۆمەڵگەی سوننەتی و وابەستە بە باب و باپیرانەوە چالاک و کاران و چاک و خراپیان وەکخۆی بەبێ کەم و زیاد جێبەجێ دەکرێن و بەموو لێیان لانادرێت، بۆیەش بە لایەنێکی زیندووی کەلتووری کۆمەڵ و بابەتێکی زیندوو و جێی بایەخ دادەنرێت، بۆ مانەوەی خۆی و بەردەوامبوونی پەنادەبانە بەر چێژی ئەدەب و لەئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکیدا ڕەنگدەداتەوە.

داب و نەریت پەیوەست دەکرێت بە بیر و باوەڕ و ڕەفتاری کۆمەڵەوە و لەم گۆشەنیگایەوە دەگوترێت: بیروباوەڕ و ڕەفتارێکە لە ناو هەر گروپ و کۆمەڵێکدا هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو(سید حسین طباطبایی، ١٤٠٠: ١١٤) هەر بۆیەش لە زمانی لاتینیدا داب و نەریت بەو شتە دەگوترێت، کە دەگوازرێتەوە(محسین کدیور، ١٣٨٤: ٢٠٥) واتا گواستنەوەی ئەو بیروباوەڕانەی کۆمەڵ نەوە دوای نەوە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا.

گرێدانی داب و نەریت بە بیروباوەڕ و ڕەفتاری ئایینی و نا ئایینی ڕوانگەی ناساندنێکی ترە، کە لەم بارەوە وتراوە: بریتیە لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ و ڕەفتاری ئایینی و نائاینی کۆمەڵێک کەس، کە بە هۆی هاوبەشی ئایینی یان نەتەوەیی یەکیان گرتووە و بە هۆی بنەمایەکی فکری هاوبەشەوە بیروباوەڕ و ڕەفتاری هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بووە(فرزانە گشتاسب، ١٣٩١: ١٥٨) ئەم پێناسەیە بە شێوەیەکی ورد باسی هۆکاری دروست بوونی ئەو داب و نەریتە هاوبەشانەی کردووە، کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبن، کە هۆکارەکەشی گێڕاوەتەوە بۆ ئایینی هاوبەش و لایەنی نەتەوەیی.

(بورکهارت)یش تا ڕاددەیەک بۆچوونەکەی نزیکە لە گوزارشتەکەی پێشتر، کە باسی ڕۆڵی خاڵی هاوبەش دەکات لە دروستکردنی داب و نەریتدا و لەم بارەوە دەڵێت: نەریت وەک کریستاڵێک وایە توخمە هاوشێوەکان ڕادەکێشێت و بەپێی یاسای خۆی ناچاریان دەکات بۆ دروستبوون"(Burckhardi, 1967: 17) ئەوەش کۆکە لەگەڵ ئەوەی، کە تاکە کانی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک بە هۆی هاونشینیەوە بیر و باوەڕی ئایینی هاوشێوە و زمانی هاوشێوە کۆیکردونەتەوە، بەم هۆیەشەوە داب و نەریتی هاوبەشیان دروستکردووە.

گنون پشتگیری پەیوەندی نێوان داب و نەریت و ئایین دەکات و لە بارەی سەرچاوەی داب و نەریتەوە دەڵێت: نەریت لە کتێبی پیرۆزی هەموو گەلاندا بوونی هەیە سەرەڕای هەمەچەشنی فۆڕمەکەی، کە وایکردووە لای هەر نەتەوەیەک لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا بەبێ جیاوازی قبوڵ بکرێت(محسین کدیور، ١٣٨٤: ٢٠٥) هەر لە ڕوانگەی وابەستەیی داب و نەریت بە ئایینەوە مارکۆپۆلیس (ئیلهام – وەحی) وەکو مەرجی نەریت داناوە(محسین کدیور، ١٣٨٤: ٢٠٨)کەواتە هۆکاری بەردەوام بوون و مانەوەی داب و نەریت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تێکەڵبوونیەتی لەگەڵ ئایین.

فەرهەنگی دێهخودا جیاوازتر لێکدانەوەی بۆ مانای داب و نەریت کردووە و تێیدا هاتووە: دابونەریت بە واتای ڕێگا، میتۆد، یاسا، ڕێوڕەسم، دامەزراوە دێت(سید حسین طباطبایی، ١٤٠٠: ١١٤) بە پێی لێکدانەوەی ئەم فەرهەنگە بێت دەشێت، لە قۆناغە مێژوویەکانی پێشتردا داب و نەریت ڕۆڵێکی فرە ڕەهەندی گێڕابێت لە کایە جۆراوجۆرەکانی وەکو: زانست، دادوەری، بۆنەی ئایینی و جۆراوجۆر، بەڕێوەبردن.

یاخود دەوترێت: داب و نەریت ئەو فۆڕمە کەلتووریانەی ڕەفتارن، کە لە پێشینانەوە بۆمان بەجێماون و ئەرکی گواستنەوەی شێوازی بیرکردنەوە و جیهانبینی و ئەخلاقی تاک و کۆمەڵگە و شێوازی ڕەفتارکردنیان لە بارودۆخە جیاوازەکانی پێش خۆیان لە ئەستۆ گرتووە. بۆیە گرنگە ئاشنابین پێیان و لەوە تێبگەین، کە چۆن ئەم بەشە لە بابەتە فۆلکلۆرییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و ماناکەی چەسپاوە(شیدا رحیمی، ١٤٠١: ١٢٩) لە ڕوانگەی ئەم پێناسەوە ئەرکی داب و نەریت؛ پێدانی زانیارییە دەربارەی لایەنی ڕەوشتی و مەعریفی و جیهانبینی و ڕەفتاری کۆمەڵگە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا.

دەربارەی چۆنیەتی چەسپان و جێگیر بوونی داب و نەریت دەوترێت: بە ڕەفتار و خو و ڕەوشتێک دەوترێت داب و نەریت، کە ماوەیەکی زۆر تێپەڕیوە و لە نێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا باو بووە(سید مهدی امامی، ١٣٩١: ٣٨) بە پێی ئەم تێگەیشتنە بێت مەرجە خو و ڕەوشت و بیر و باوەڕە جۆراوجۆرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەدا درێژە بکێشن ئەوکات دەکرێت وەکو داب و نەریت هەژمار بکرێن.

ئەمەش وایکردووە؛ ئەم داب و نەریتانە واقیعێک دەربڕن، کە بێ کات و بێ فۆڕم و گشتگیر بێت(محسین کدیور، ١٣٨٤: ٢٠٥) و تایبەت نەبێت بە قۆناغێکی دیاریکراو و بۆ هەموو سەردەمەکان بگونجێت و لە چەندین فۆڕمی جیاوازدا خۆی دابڕێژێتەوە. لەم گۆشەنیگایەشەوە ئەم دوو مانایە بە داب و نەریت بەخشراوە:

١. حیکمەتی بێ کات و بێ فۆڕم و بێ گۆڕان.

٢. ئەو حیکمەتەی گوزارشتێکی جێگیری هەیە بە تێپەڕبوونی کات.(محسین کدیور، ١٣٨٤: ٢٠٦)

دەتوانرێت بگوترێت: ئەدەبیاتی هەر کۆمەڵگەیەک کەرەستەیەکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بەشێک لە هەلومەرج و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیە، کەواتە دەشێت ئەدەب وەکو ئاوێنەی ژیانی مرۆڤ لە هەموو تەمەنەکانی گشت کۆمەڵگەکان هەژمار بکرێت. بۆیە بەشێک لە توێژەران پێیان وایە دەکرێت ئەدەب وەکو بەڵگەنامەیەکی کۆمەڵایەتی سودی لێوەربگیرێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ڕابردووی گشت کۆمەڵگەکان(شهر بانو رنجبر، ١٤٠١: ١١٩) چونکە ئەدەبیات بە گشتی و ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بە تایبەتی حەشارگەیەکی گەورەی داب و نەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکانن.

کەواتە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین: ئەم بەشەی کلتوور، کە داب و نەریت و بیروباوەڕ لەخۆدەگرێت پێی دەوترێت (کەلتووری باو یان فۆلکلۆر)، کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە پێشینانەوە دەگوازرێتەوە. ئەم لایەنە کەلتووریانەش لە ڕەفتارە تاکەکەسییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا بەدەردەکەون. ئەم داب و نەریتانە جگە لە لایەنی ڕەفتاری بوونەتە هەوێنی بنیادنانی بەرهەمی ئەدەبی جۆراوجۆر و بەرهەمهێنانی مانا و چەمکی نوێ(شیدا رحیمی، ١٤٠١: ١٢٨) ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک کۆگای داب و نەریتی کەڵەکەبووی سەدان ساڵەی ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیەیە. بۆیە پێویستە بۆ دەستکەوتنی ئەو داب و نەریتانەی، بوونەتە کەلتووری کۆمەڵگە؛ کنە و پشکنین لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان بکرێت تاوەکو لەوێوە بەو کەلتوور و داب و نەریتانە ئاشنابینەوە. چونکە بە وردبوونەوە لە تایبەتمەندییە کەلتوورییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە هەندێ جار خاڵی هاوبەشی نێوان نەتەوە جیاوازەکان نیشان دەدات و لە هەندێ باروودۆخیشدا گوزارشتە لە جیاوازی کەلتووری نەتەوەکان(شیدا رحیمی، ١٤٠١: ١٢٨) ئەمەش گرنگە بۆ هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک تا بزانرێت ئەو کۆمەڵگەیە چەند خاوەنی کەلتووری هاو بەش یان جیاوازە لەگەڵ کۆمەڵگە و نەتەوەکانی تر.

لەم گۆشەنیگایەشەوە هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی کارەکی بەشێک لە پەندەکانی ناو کتێبی (دیاری مهاباد) بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە و لەو داب و نەریتانە بدوێین، کە بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی. چونکە یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ناوەڕۆکی پەندی پێشینانی کوردی ئەو بابەتانەن، کە بوون بە داب و نەریت و لە ناو کۆمەڵگەی کورددیدا چەسپاون، بۆیە دەکرێت پەندی پێشینان وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی داب و نەریتی گەلی کورد سەیربکرێت و لێی بڕوانرێت، کە بە زمانێکی کوردی و سادە و ڕەوان داڕێژراون و بوونەتە شورەیەکی پۆڵایین بۆ پاراستنی زۆربەی داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی، هەر بۆیە لێرەدا هەوڵدەدرێت لەو پەندانە بکۆڵدرێتەوە، کە ئاماژەیان بە یەکێک لەو داب و نەریتانەی کۆمەڵگەی کوردی کردووە.

دادپەروەری یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە لە دێر زەمانەوە بیری تاکی کوردی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و بایەخێکی زۆری پێدراوە، بە هۆی گرنگی بابەتەکەوە بووەتە بنەما بۆ بنیادنانی پەندی پێشینانی کوردی، کە لەم بارەوە لە یەکێک لە پەندەکاندا هاتووە:

ئاکـارت وەکو مشـار بــێ بـاشــە

هەم بۆ لای خۆتە هەم بۆ ئەو لاشە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٤٤)

ئەم پەندە زۆر بە ڕوونی باسی دادپەروەری کردووە و بە جۆرێک لێی دواوە،کە جێگای سەرنج و ڕامانە، چونکە ئەوەمان پێدەڵێت، کە دادپەروەری لە دیدی تاکی کورددیدا وەکو مشاری داربڕین وایە، وەکو ڕوون و ڕەوانیشە مشار لە کاتی داربڕیندا هەر دوو لای دارەکە بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە و بە ڕێک و لەباری دەبڕێت، کە ناتوانرێت هیچ جۆرە نا ڕێکییەک لە هیچ لایەکی دارە بڕدراوەکەدا بەدی بکرێت. بۆیە دەکرێت بوترێت ئەم پەندە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە: کە لە کۆمەڵگەی کورددیدا گرنگی دراوە بە لایەنی دادپەروەری و لە ڕێگەی ئەم پەندە و پەندە هاوشێوەکانی تریەوە بووە بە داب و نەریتێکی چەسپا و پارێزراو و بووەتە بەشێک لە لایەنی ئاکار و ئەخلاقی تاکی کوردی.

هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی: خۆشەویستی نیشتیمان و بیری نەتەوایەتی یەکێکی ترە لەو بابەتانەی بووەتە هەوێنی پەندی پێشینانی کوردی، کە لەم بارەوە وتراوە:

پێم خۆشە گورگی وڵاتەکەی خۆم

بمخوا نەوەکـو شێری عەرزە ڕۆم (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٢٧)

ئەوەی لێرەدا جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە، لە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کورددیدا شێر وەکو ڕەمزی ئازایەتی و مەردایەتی و هێز و دەسەڵات ناسراوە، هەروەها گورگیش پێچەوانەی شێر وێنایەکی ناشیرینی هەیە لە کەلتووری کۆمەڵگەی کورددیدا و وەکو هێمای نامەردی و مامۆستای خراپەکاری ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو دیارە لەم پەندەدا زۆر بە ڕاشکاوی ئەوە خراوەتە ڕوو، کە هەرچەندە گورگ بەدناو و خراپەکاربێت و شێر ئازا و مەرد و چاوەنترس بێت، سەرەڕای ئەوەش لە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کورددیدا ئەوە چەسپاوە، کە لە نێوان شێرێکی بێگانە و گورگێکی خۆماڵیدا تاکی کوردی پێی خۆشە ببێتە قوربانی دەستی گورگی خۆماڵی، چونکە ئەم گورگە هاو نیشتیمانیەتی و لە یەک خاک و وڵاتدا ژیاون و گەورە بوون. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە چۆن لەم پەندەدا هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی نیشتیمانە وەکو کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی گوزارشتی لێکرە.

لایەنی نەرێنی گۆڕینی جێگا و شوێن و بیر و باوەڕ و پیشە و کار، یەکێکە لەو بابەتانەی وەکو کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی بەم شێوەیە باسکراوە:

ئەمەش فەرمـــــوودەی قەدیمێکانە

بەرد لە جێگای خۆی قورس و گرانە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣٢)

گۆڕینی جێگای نیشتەجێ بوون، بیر و باوەڕ، کار و پیشە، لە کۆمەڵگەی کورددیدا یەکێکە لەو بابەتانەی کارێکی ناپەسندە و لەگەڵ کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی ناتەبایە، بۆیە لەم پەندەدا وەکو داب و نەریتێکی کۆمەڵگەی کوردی ئەم بابەتەی پاراستووە و ئەوەشی خستووەتە ڕوو، کە مرۆڤ بە پەتپەتێن و گۆڕینی جێگا و شوێن و بیر و باوەڕ ڕێز و سەنگ و قورسایی لە دەست دەدات، چونکە لە

ڕوانگەی ئەم پەندەوە مرۆڤ لە ناو ئەو شوێن و کۆمەڵگەیەدا بە قەدر و سەنگینە، کە تێیدا ژیاوە و گەورە بووە و گەشەی کردووە، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو شوێنە بە باشی دەیناسن و خو و داب و نەریتیان لەیەکەوە نزیکە و دۆستایەتیان لەگەڵیدا هەیە، هەر بۆیە ڕێزی لێدەگرن و سەنگینە لایان، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێک کەسێک دەچێتە ناو گروپ و تاقمێکی تازە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە هەتا خەڵکی ناو ئەو گروپ و شوێنە تازە دەیناسن و لەگەڵ خو و داب و نەریتەکانیان ئاشانا دەبێت، بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی نابێت لە جێگە تازەیە.

بێزراوی سیفەتی ڕەزیلی لە کۆمەڵگەی کوردیدا یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی بووەتە داب و نەریت و خەڵکی بە لایانەوە ڕەوشتێکی ناشرینە، کە لەم ڕونگەیەوە وتراوە:

کەسێ چروکــــــە و مستی قوچاوە

شێر بە گوێ بگرێ سوک و بەد ناوە    (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٤٨)

دەستکراوەیی و سەخی تەبیعەتی بووەتە کەلتوور و داب و نەریتێکی پەسند و چەسپاوی ناو کۆمەڵگەی کوردی، هەر بە هۆی ئەمەشەوەیە، کە لەم پەندەدا کەسانی چروک و ڕەزیل بە سوک و بەدناو وەسفکراون.

درۆکردن وەکو بابەتێکی قێزەون و بێزراوی ناو کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی، لە دیاری مهابادا بەم جۆرە باسکراوە:

گەر بە درۆزن نێو بانگت ڕۆیی

بێ نرخی لە لای بێگانە و خۆیی    (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٤٥)

پەسندنەکردنی درۆ یەکێکە لەو بابەتانەی بووەتە داب و نەریتێکی چەسپا و جێگیر لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆیە کراوەتە ناوەرۆکی پەندی کوردی و تاکی کورد لەوە ئاگادار کردووەتەوە، کە درۆکردن چۆن دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی کەسی درۆزن و لەدەستدانی کەسایەتی و هاتنەخوارەوەی نرخ و بەها لای خزم و کەس و بێگانە و پێچەوانەی داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردییە.

پابەند نەبوون بە بەڵێنەوە یەکێکە لەو داب و نەریتە دزێوانەی لە پەندی کوردیدا بایەخێکی زۆری پێدراوە و لەم بارەوە نووسراوە:

سور نەبی لە ســەر وەعد و بەڵێنی

گەنجی دونیات بێ پوشێک ناهێنی    (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٤٥)

هەرچەندە دەوترێت یەکێک لەو هۆکارانەی دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕێز و حورمەت لای خەڵکی سەروەت و سامانە، بەڵام وەکو لەم پەندەدا باسکراوە، هەر کەسێک پابەند نەبێت بە بەڵێنەوە خاوەنی هەموو سەروەت و سامانی دنیاش بێت نرخ و بەهای چڵە پوشێکی نییە، کەواتە ئەم پەندە وەکو داب و نەریتێکی پەسندی کۆمەڵگەی کوردی تاکی کوردی هان دەدات بە وەفا بێت بۆ وەعد و بەڵێنەکانی.

خیانەتکردن لە دۆست یەکێکە لەو کارە قێزەونانەی ڕەتکردنەوەی بووەتە داب و نەریتێکی چەسپاوی کۆمەڵگەی کوردی، کە لەم بارەوە وتراوە:

لەگەڵ کێ خواردت چایەکی تاڵی

خەیانەت مەکە بە سەر و ماڵی    (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٢٨)

ئەم پەندە وەکو داب و نەریتێکی دێرینی کۆمەڵگەی کوردی هانی تاکی کوردی داوە، کە خۆی بپارێزێت لە خیانەتکردن نەک لە دۆست و ناسیا و بەڵکە تەنانەت لە کەسێک، کە بۆ تەنیا جارێکیش چایەکی تاڵت لەگەڵ خواردۆتەوە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی، کە بە پێی کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی لە هیچ بار و دۆخێکدا ڕێگەپێدراو نییە خیانەتکردن، چونکە لێرەدا ئاماژە بۆ خواردنەوەی چای تاڵکراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ناکرێت خیانەت لەو کەسەش بکرێت، کە بیرەوەرییەکی تاڵی هاوبەشیشت هەبێت لەگەڵ، نەک خیانەت کردن لە کەسێک، کە لە هەموو خۆشییەکانی ژیانتدا هاوبەش بووی لەگەڵی.

داب و نەریتی خزمایەتی یەکێکی دیکەیە لەو بابەتانەی کە لە پەندی کوردی و کتێبی دیاری مهابادا ڕەنگیانداوەتەوە، هەموو ئەو پەندانەی باسی نسبەتی خزمایەتیش دەکەن زیاتر پشتی یەکترگرتنی خزمایەتییە، بەرگریکردنە لەیەکتر، چاوپۆشیکردنە لە هەڵەی یەکتر لەپیناوی قووڵنەبوونەوەی ناکۆکی و پەیدانەبوونی درزی گەورە، ئەمەش بۆ خێلەکی بوون و بێ یاسایی کۆمەڵگەی کوردیی دەگەڕێتەوە، چونکە کاتێک کەسێک دەکەوێتە تەنگ و چەلەمەوە یەکەم پەناگە کە پەنای بۆدەبات خزم و خێل و هۆزیەکەیەتی، نەک یاسا و سیستەمی دادوەریی، چونکە زیاتر متمانەی بەخزم و ئەندامانی هۆز و خێلەکەیەتی تا یاسا و سیستەم، ئەمانە چەند نموونەیەکن لەم بابەتە:
بیستومە پاروو لـــە زار بکـەوێ
بۆکۆش چاکترە نەک ئێرە و ئەوێ  (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٢٩)
مەبەستی پەندەکە ئەوەیە کە ئەگەر شتێک ببەخشی باشترە بۆ خزم و خۆیی بێت، ئەم پەندە بۆ هەموو شت بەخشینێک بە خزم و کەس بەکاردێت، بەتایبەتیش بۆ کچ بەشوودان.

مەشهـورە دەڵێـن خـــزم بە ددان
گۆشتیشت بخوا ناشکێنێ ئێسقان (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣٣)
مەبەستی پەندەکە ئەوەیە ،کە ئەگەر خزم و کەس زەرەر و زیانیشت پێ بگەیەنێت، زەرەر و زیانەکەشی کەمە و ئەوەندە نییە، کە بگاتە ئابڕووبردن و لەناوبردن.

کەس بە ڕواڵەت لێت مرچ و مۆنە
خوێـن نابێ بە ئاو نەزیلـەی کـۆنـە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣٣)
واتا کەس و خزم ئەگەر لێشت تووڕەبێت، تورەییەکە هەر بە ڕواڵەتە و دەوامەی نییە و زیانی گەورەت پێناگەیەنێت، چونکە لە خوێن و گۆشتی یەکترن و خوێنیش ناگۆڕێت بە ئاو تاکو حەق و حیسابی لەسەر نەمێنێت.

پشت بە خۆ بەستن، یەکێکی ترە لەو بابەتانەی وەکو داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی لە پەندی پێشینانی کوردیدا پارێزراوە و بەم جۆرە لە بارەیەوە وتراوە:

نانێ ڕۆژ پـەیدا بکـە و نـانـــێ شـەو

هەڵ مەگرە هەرگیز منەت لەم و لەو (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣٩)

وەکو لەم پەندەدا بە ڕوونی ئاماژەی بۆ کراوە، داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی ڕێگە بەوە نادات مرۆڤ دەستەوستان و چاو لە دەستی ئەم و ئەو بێت، بۆیە هانی تاکی کوردی داوە شەو و ڕۆژ بخاتە سەر یەک و بێ وچان هەوڵبدات و نانێکی سەربەرزانە بەدەست بهێنێت، نەک دەست لەبەر خەڵک پان بکاتەوە و منەتباری ئەم و ئەو بێت.

خۆ هەڵکێشان و کرۆزانەوە دوو بابەتی نا پەسندن لە داب و نەریت و کەلتووری کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆیە لەم پەندەدا بەم جۆرە باسکراون:

وەک خۆ هەڵکێشان عەیبێکی زلە

بە کـــرۆزانەوەش دێتە خوار پلە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣٤)

کرۆزانە و خۆهەڵکێشان دوو بابەتی ناشرین و قێزەونن لە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا، بۆیە لەم پەندەدا ئەوە خراوەتەوە بیر، کە ئەم دوو ڕەفتارە کارێکی قبوڵکراو نین و کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی ڕەتیان دەکاتەوە، لەبەر ئەمە گونجاو نییە تاکی کوردی ئەم ڕەفتارانە بنوێنێت.

کەسی سپڵە و پینەزان لە کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا، کەسایەتییەکی ڕەتکراوەیە، بۆیە وەکو بە شێک لە داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی لەم پەندەدا بەم شێوەیە باسکراوە:

نانت بخە بەر ســـەگی بێ زمان

مەیدە بە پیاوی سپڵە و پینەزان (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣١)

کاتێک مرۆڤ نان دەدات بە سەگی بەڕەڵڵا و بێ خاوەن چاوەڕوانی هیچ جۆرە پاداشتێک لە سەگەکە ناکات، بۆیە ئەو خۆراک و نانەی دەدرێت بە سەگ وەکو خەسارەت سەیر دەکرێت، ئەگەر سەرنج بدەین لەم پەندەدا پێداگیری لەسەر ئەوە کراوە، کە نان بدرێتە سەگ نەک کەسی سپڵە و پێنەزان، ئەمەش گوزارشتە لەوەی، کە کەسی سپڵە خراپتر و بێ سود تر و نا پەسند ترە لە سەگ بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی.

ئەمانە و چەندین بابەتی تر وەکو کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی لە پەندی پێشینانی کوردیدا ڕەنگیانداوەتەوە و پارێزراوون، بۆیە دەکرێت بوترێت: پەندی پێشینانی کوردی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە چەسپاندن و پاراستنی داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی.

## مەعریفە – زانین

کاتێک پرسیار لە ئاستی وشیاری و زیندوویی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک دەکرێت ڕاستەوخۆ وابەستە دەکرێت بە لایەنی مەعریفی ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەوە، چونکە ئەوە مەعریفە و زانینە گوزارشتە لە ناسنامەی کۆمەڵگە و نەتەوە و لە دۆخێکەوە دەگوازێتەوە بۆ دۆخێکی تر و دەربازی دەکات لە دواکەوتوویی و چەقبەستن و بەرەوگەشە و پێشکەوتن ئاڕاستەی دەکات.

جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین، مەعریفە بەواتای چی دێت؟ مەعریفە: بە واتای (زانین) و (ناسین) دێت، هەروەها بە واتای (زانست) و (ئاگایی) و (زانینی ڕەها) دێت. هەندێ جار بۆ تێگەیشتنە بەشەکییەکانیش بەکاردێت و لە هەندێ جاریشدا بە مانای ناسینەوە دێت، هەروەها جارجار بەواتای زانین بەپێی واقیع دێت(حسن الهی نژاد، ١٣٩٣: ٢) کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن مەعریفەیە، دەتوانێت بە هۆشیارییەوە بیر لە خۆی و دەوروبەرەکەی بکاتەوە، بۆیە دەکرێت بوترێت مرۆڤ هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ کێشەی مەعریفەدا تێوەگلاوە و بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی ناسینی دونیای داوە(علی کرباسی زاده اصفهانی، ١٣٨٨: ١٠٢) چونکە مەعریفە بە واتای زانست و زانین دێت، هەر بۆیەش دەوترێت: زانست و زانین دوو هاوواتان، کە ئاماژەن بۆ یەک مانا، ئەو مانایەش بریتییە لە: باوەڕ بوون بە شتێک وەک خۆی و گەیشتن بە دڵنیایی لەبارەیەوە و لابردنی گومانەکان لەسەری(محمدرضا مرادی، ١٣٩٥: ٢٣- ٢٤) لەم گۆشەنیگایەشەوە (جان لاک) دەڵێت: مەعریفە جگە لە تێگەیشتن هیچی تر نییە(دکتر جلال پیکانی، ١٣٨٩: ٢١) بۆیە دەتوانرێت بوترێت مەعریفە بریتییە: لە ئاستی تێگەیشتوویی مرۆڤ و چەندیەتی تێگەیشتنی لە شتەکان.

پێناسەیەکی تر مەعریفە گرێدەدات بە هەستەکان و لایەنی لۆژیکی مرۆڤەوە و دەڵێت: بریتییە لە تێگەیشتن لە سروشتی شتە بەرجەستەکراوەکان لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بە ڕێگەیەکی لۆژیکی(محمدرضا مرادی، ١٣٩٥، ٢٤) بۆیە دەتوانرێت بوترێت: مرۆڤ خۆی سەرچاوەی مەعریفەیە، بە زانینی ئەوەی، کە مەعریفە لە بوونی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەبێ ئەوەی لە هێزێکی باڵاتر یارمەتی وەربگرێت(علی کرباسی زاده اصفهانی، ١٣٨٨: ١٠٣) لەم گۆشەنیگایەوە (ئیبن حەزم) دەڵێت: مەعریفە بە سێ شێواز بەدەست دێت:

١. لە ڕێگەی بەڵگەی پێویست.

٢. لە ڕێگەی هەستەوە.

٣. لە ڕێگەی عەقڵەوە.(محمدرضا مرادی، ١٣٩٥، ٢٤) کەواتە بە پێی تێگەیشتنی ئیبن حەزم مرۆڤ تەنیا دەتوانێت لەم سێ ڕێگەیەوە مەعریفە بە دەست بهێنێت.

یاخود دەوترێت مەعریفە سێ جۆری جیاوازی هەیە، کە ئەمانەن:

یەکەم: مەعریفەی بنەڕەتی: ئەو باوەڕانەن، کە پێویست ناکات بە بیروباوەڕی تر پشتڕاست بکرێنەوە و خۆیان بیروباوەڕەکانی تر پشتڕاست دەکەنەوە و پاساویان بۆ دەهێننەوە(محمدرضا مرادی، ١٣٩٥، ٢٤)

دووەم: مەعریفەی زگماکی: ئەو زانینەیە، کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی هەیەتی، وەکو قسەکردن(محمدرضا مرادی، ١٣٩٥: ٢٤)

سێیەم: مەعریفەی هەستەوەرەکان: ئەو زانینەیە، کە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە بەدەستی دەهێنێت، بۆ نمونە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە بۆنی خۆش و ناخۆش لە یەکتری جیادەکاتەوە و ڕق لە بۆنی ناخۆشە یان زانینی جیاوازی نێوان زبر و ساف، گەرم و سارد(محمدرضا مرادی، ١٣٩٥: ٢٦)

مەعریفە ناسی سەردەم سێ جۆر مەعریفەی دەستنیشان کردووە، کە ئەمانەن:

١. چۆنیەتی بە دەستهێنانی مەعریفە: بۆنمونە لە وەڵامی پرسیاری، ئایا چۆن دەزانیت کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدەیت؟ چۆن کەرەستەیەکی دیاریکرو بەکار دەهێنیت؟ لەم جۆرە زانینەدا پرسیارێکی لەم شێوەیە دەخرێتە ڕوو، بەڵام مەعریفە لە بنەڕەتدا بابەتی توانا و لێهاتووییە، نەک تەنیا بابەتێکی تیۆری؛ هەرچەندە دەتوانرێت تێیدا پشت بە کۆمەڵێک زانیاری تیۆری و مەعریفی ببەسترێت؛ سەرەڕای ئەوەش زانینێکی لەم جۆرە بۆ مەعریفە جیاوازە لە مەعریفەی ڕاستەقینە، بۆیە مەعریفە ناسان مامەڵەی لەگەڵدا ناکەن(مهدی عباس زاده، ١٣٩٣: ٧)

٢. مەعریفە لە ڕێگەی ئاشنابوونەوە: لە وەڵامی پرسیاری ئایا فڵان کەس دەناسی؟ ئەگەر لە ڕێگەی بەریەککەوتنەوە ئاشنا بوویت بە کەسەکە وەڵامەکە ئەرێنی دەبێت، ئەم زانینە زانینێکی دروست نییە دەربارەی کەسەکە، ئەو زانینانەی دەتوانرێت بە شێوەیەکی تر جگە لە ئاشنا بوون بزانرێت؛ وەکو خوێندنەوە لەسەر شتێکی دیاریکراو، لەم جۆرە زانینەدا دەتوانرێت ئاشنا بوون مەرجی پێشوەختە و کەرەستەی خاوی مەعریفە بێت، بەڵام ئەم زانینەش جیاوازە لە مەعریفەی ڕاستەقینە، بۆیە مەعریفە ناسان مامەڵە لەگەڵ ئەم زانینەدا ناکەن(مهدی عباس زاده، ١٣٩٣: ٧ – ٨)

٣. مەعریفە لە ڕێگەی زانینی ئەوە: بە ڕستەی (ئەوە دەزانم) دەست پێدەکات و پەیوەستە بە یەک یان چەند گوزارشتێکەوە، لەم ڕوانگەیەوە بە مەعریفەی گوزارشت ناسراوە. ئەم مەعریفەیە کاتێک دەردەکەوێت، کە قسەیەک هەبێت بۆ هەموو تاکەکان ڕاست یان درۆبێت، مەعریفە بە مانا هاوچەرخ و دروستەکەی تەنیا بەم مانایە دێت، واتا کاتێک باسی وشەی مەعریفە دەکرێت تەنیا مەبەستیان ئەمەیە. زانین بەم مانایە تەنیا ئاماژەیە بۆ زانینی (بەدەستهاتوو - پشتڕاستکراوە)(مهدی عباس زاده، ١٣٩٣: ٨) وێڕای ئەوەی ئەم سێ جۆرە مەعریفە لە ناو کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان باوە و خەڵکی پشتیان پێ دەبەستێت بۆ بە دەستهێنانی زانین، بەڵام بەپێی مەعریفە ناسی سەردەم تەنیا جۆری سێیەمیان (مەعریفە لەڕێگەی زانین ئەوە)ی بەلاوە پەسندە و دوو جۆرەکەی تر ڕەتدەکاتەوە.

مەعریفەی هاوچەرخ (باوەڕ، ڕاستی، ڕەوایەتیدان) وەکو مەرجی هەموو جۆرە مەعریفەیەک دەستنیشان کردووە، بۆ نمونە دەوترێت:

١. پێویستە باوەڕ بە ڕاستی ئەو مەعریفەیە بکرێت.

٢. مەعریفەکە دەبێت ڕاست بێت.

٣. ڕەوایەتیدان بە ڕاستی ئەو مەعریفەیە.(مهدی عباس زادە، ١٣٩٣: ١٠ – ١١)

بەپێی مەرجی یەکەم: دەبێت گەڵاڵەیەکی گریمانەکراو ڕاست و دروست بێت، بۆ بەدیهێنانی ئەو مەعریفەیە.

بەپێی مەرجی دووە: کەسەکە دەبێت خۆی باوەڕ بە ڕاستی و دروستی مەعریفەکە بکات.

بەپێی مەرجی سێیە: دەبێت پاساو و ئارگیومێنت و بەڵگەی پێویستی لەبەر دەستدابێت بۆ سەلماندن و ڕەوایەتیدان بەو مەعریفەیە.(مهدی عباس زادە، ١٣٩٣: ١١)

ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە ئەدەب پەیامێکی تێدایە ئەو پەیامەش بەتەواوی پەیوەستە بە مەعریفە و زانینەوە، واتا ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی ئەگەرچی خاوەنەکەیان دیار نییە، بەڵام شتێک زۆر دیار و ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە لەڕێگەی کەسانی خاوەن مەعریفە و زانینەوە داکەوتووە و بەناو خەڵکدابڵاوبۆتەوە.

لەم گۆشەنیگایەشەوە پێویستە بوترێت: "کەلتوور و فۆلکلۆری هەر نەتەوەیەک وەک بەڵگەنامەی لە دایکبوونی ئەو نەتەوەیە وایە، فاکتەرێکی سەرەکییە، کە تایبەتمەندییەکانی دیاری دەکات و داب و نەریت و خو و ڕەوشتی ئەو نەتەوەیە نیشاندەدات"( فاطمە عبدالحسینی، ١٤٠٢: ٣٧٦) بۆیە ناکرێت فۆلکلۆر پشتگوێ بخرێت و بایەخی پێنەدرێت، چونکە زۆربەی کەلتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی تێدا پارێزراوە، کە بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەیی.

دەکرێت لەکۆتایی ئەم باسانەدا ئاماژە بۆ پێناسەیەکی دیار و گرنگی ئەدەب بکرێت، کە دەڵێت: ئەدەب ئاوێنەیە، مەبەست ئەوەیە، کە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵە و ئەدەب و دەق ئەدەبی باسی کۆمەڵ دەکەن لە کات و بارودۆخێکی دیاریکراودا و لە ڕێگەی ئەدەبەوە دەتوانین زانیاری لەسەر سروشتی کۆمەڵ بەدەست بهێنین(عادل گەرمیانی: 2012: 108)،

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە، ئێمە دەمانەویت باسی ئەدەبێک بکەین، کە بەرهەمهێنەرەکەی کەسێکی دیاریکراو و تایبەت و ناسراو نییە، بەڵکو کۆمەڵ بەگشتی بەدیدەهێنێت، ئەویش ئەدەبی زارەکییە، لە ئەدەبی زارەکیشدا لایەنێکی گرنگی ئەم ئەدەبەیە، کە پەندی پێشینانە، بەو پێناسانەی، کە خرانەڕوو دەربارەی کەلتوور و پەندی پێشینان دەتوانرێت بوترێت: کەلتوور و پەندی پێشینان دووانەیەکی دانەبڕاو و تەواو تێهەڵکێشی- یەکترن، بەجۆرێک، کە کەلتوور کەرەستەیەکی خاوی گرنگ و سەرەکییە بۆ پەندی پێشێنان، چونکە زۆرجار ئەگەر کەلتوور لە پەندەکان دەربهێنین هیچ نامێنێتەوە و لەم بارودۆخەشدا پەندەکان زیاتر لە شێوازێکی دەربڕینی ئەم بابەتە کەلتوورییانە نزیکدەبنەوە.

هەرچەندە کەلتوور و ئەدەب دوو بابەت و لایەنی سەربەخۆن و دەکرێت بەجیا لێیان بکۆڵرێتەوە و لە دوو بواری جیاوازیشدا قسەیان لەسەر بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی، کە هەردووکیان دوو دیاردە و دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتین، هەردووکیان لە کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرن و تەواو پەیوەستن بە ژیانی کۆمەڵایەتی یەوە، ئەمەش بێگومان بۆتە هۆی درووستبوونی پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوانیاندا، کۆمەڵیش بۆتە خاڵی بەیەکگەیشتن و سەنتەری درووستبوونی ئەو پەیوەندییە، چونکە سەرەرای ئەوەی ،کە کەلتوور و ئەدەب هەڵقوڵاوی کۆمەڵن، بابەت و لایەنە کەلتوورییەکانیش هەمیشە کەرەستەی خاوی بەردەستی ئەدەب بوون(ئەرخەوان محمد عبید:2014: 31)هەمیشە و بە هۆ و مەبەستی جیاجیا، لە قۆناغ و سەردەمی جیاجیا کەم و زۆر بابەتە کەلتوورییەکان ڕەنگیان داوەتەوە لە ئەدەبدا.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین ئەوەیە، مەعریفە وەکو لایەنێکی سەرەکی کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی بەشدارییەکی کارای هەیە لە پێکهێنانی ناوەرۆکی بەشێکی زۆری پەندەکانی کتێبی (دیاری مهاباد)دا، کە لێرە بە دواوە هەوڵدەدرێت بەشێک لەو پەندانە شیبکەینەوە، کە گوزارشت لە لایەنی مەعریفی و تێگەیشتنی تاک و کۆمەڵگەی کوردی دەکەن. لەبەرئەوەی پەندی پێشینان زۆربەیان گوزارشتن لە لایەنی وشیاری و مەعریفە و زانینی تاکی کۆمەڵگەی کوردی لە قۆناغەکانی ڕابردوودا و بەشێکی زۆری ئەو پەندانەش لە ئەنجامی تاقیکردنەکانی ڕۆژگارەوە بونەتە پەند و ئامۆژگاری و خەڵکی وەکو مەشخەڵ ڕێگەی خۆیان پێ ڕۆشن کردوونەتەوە و وەکو ڕێنیشاندەری خۆیان لێیان ڕوانیوون، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین پەندی کوردی کۆگایەکی لە بن نەهاتووی لایەنی مەعریفی کۆمەڵگەی کوردین، لەم ڕوانگەیەشەوە بەشێک لەو پەندانە دەخەینە بەر ڕۆشنایی توێژینەوە و بە وردی لە بارەیانەوە دەدوێین.

مەعریفە و زانین لە پەندی پێشینانی کوردیدا ئەنجامی ئەزمون و تاقیکردنەوەی باب و باپیرانمانە و لەم ڕوانگەیەوە یەکێکە لە پەندەکان بە ڕوونی ئەم بابەتەی دەرکاندووە و بەم جۆرە گوزارشتی لێکردووە:

هەڵە و لە بیر چون جار و بارێکـە

دەڵێن هەر عەقڵەی لە خەسارێکە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٥٢)

وەکو لەم پەندەدا بە ڕوونی ئاماژەی بۆکراوە، تاکی کوردی هەر کاتێک لە ئەنجامی هەڵە و لە بیرچوونەوە توشی زیان و خەسارە بووبێت لە جیاتی ئەوەی خەم لەو خەسارەیە بخوات و پێی غەمباربێت، بە شێوەیەکی پراکتیکی کردوویەتییە سەرچاوەی مەعریفە و زانین و لێکدانەوەی کردووە بۆ هۆکارەکانی ئەم هەڵە کردنە لێوەی فێر بووە و لایەنی مەعریفی و عەقڵی خۆی پێ دەوڵەمەند کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی جارێکی تر ئەم هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە و بە شێوەیەکی تر و پشت ئەستوور بە لایەنی مەعریفی هەمان کار ئەنجام بداتەوە و تووشی زیان و خەسارە نەبێتە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت پەندی کوردی کانگایەکی لەبن نەهاتووی مەعریفە و زانینی کۆمەڵگەی کوردییە.

پێدانی زانیاری پێشوەختە لەسەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کەسی بەرانبەر و لێکەوتەکانی ڕەفتاری ناشیاو، ناوەڕۆکی پەندێکی کوردییە، کە لەم بارەوە دەڵێت:

بۆ بابت ئەگەر بە سود و کەڵکی

قەت جنێو مەدە بە بابی خەڵکی (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٥٣)

ئەم پەندە لە ئەنجامی مەعریفە و زانینی پێشوەختەوە، ئامۆژگاری تاکی کوردی دەکات، کە بە شێوەیەکی دروست قسە لە بارەی باوکی خەڵکەوە بکات، چونکە هەرکەسێک جنێو و قسەی ناشیاو بە باوکی خەڵکی بدات، بە دڵنیاییەوە خەڵکیش جێو و قسەی نابەجێ بە باوکی ئەو دەڵێت، بۆیە هەرکەسێک باوکی خۆی خۆش بوێت و ڕێزی باوکی خۆی لە لابێت نابێت سنووری ڕێزی باوکی خەڵکی ببەزێنێت تا خەڵکیش ڕێزی باوکی ئەو بگرێت و سنووری ڕێزی ئەو نەبەزێنێت و جنێو و قسەی ناشیاوی پێنەڵێت.

پەندی کوردی زۆر بە ڕوونی گرنگی مەعریفە و زانینی بۆ تاکی کوردی ڕوونکردووەتەوە و ئەوەی خستووەتەڕوو، کە پێویستە تاکی کوردی هەمیشە و بۆ هەموو کارێک کەسانی زانا و خاوەن مەعریفە و زانست بکەنە ڕابەر و پێشەنگی خۆیان، کە لەم ڕووەوە نوسراوە:

هەر قافڵە یەک پێشەنگی کەر بێ

بێ گومان دەبێ توشـــی زەرەر بێ (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٥٥)

وەکو دیارە ئەم پەندە کوردییە پێمان دەڵێت: هەر گروپ و تاقم و کۆمەڵێک کەسانی نەزان و کەم عەقڵ و بێ مەعریفە پێشەنگایەتیان بکات، توشی زەرەر و زیان دەبن، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بە بێ مەعریفە و زانین لە هیچ کار و چالاکییەکدا سەرکەوتوبێت، لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانرێت بوترێت پەندی کوردی بایەخێکی زۆری بە مەعریفە و زانین داوە و لە ئەنجامی مەعریفەیەکی قوڵەوە هاتۆتە بوو.

تێگەیشتنی پێشینانی کورد لە نرخ و بەهای زانست و زانیاری و مەعریفە، ئەو باوەڕەی لا درووست کردوون، کە بێ هیچ دوو دڵییەک بڵێن:

دوژمنی زانـا دەتکـا سـەربڵـنـد

دۆستی بێ شعور هەر دەتکا بە پەند (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣٠)

هەرچەندە لە کۆمەڵگەی کوردیدا خەڵکی وا دوژمنیان ناسیوە، کە بەردەوام لە هەوڵدایە زاڵبێت بە سەر نەیارەکەیدا و بە شوێن زەلیلکردن و تۆڵەسەندنەوەیە لێی، بەڵام وێڕای ئەوەش لەم پەندەدا، کە گوزارشتە لە تێگەیشتنێکی وردی پێشینانی کورد لە گرنگی زانست و زانیاری و مەعریفە، ئەو تێگەیشتنەی بە تاکی کوردی بەخشیوە، کە چۆن زانست و زانیاری و مەعریفە دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لە مامەڵەکردنی دوژمن بەرانبەر کەسانی ناحەز و نەیارانی خۆی، بەجۆرێک دوژمنی خاوەن مەعریفە لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی شکاندن و سەرشۆڕی بۆ نەیارەکانی، بە پێچەوانەوە بە هۆی مەعریفەکەیەوە ڕەفتارێکی وا ناکات دوژمنەکەشی بشکێنێت، بۆیە دوژمنی کەسانی زانا بە سەربەرزی دەمێننەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە دۆستی بێ مەعریفە زیان بە دۆستەکانیشی دەگەیەنت و دەبێت هۆی زەرەر و زیان و بە پەندیان دەدات، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوەیە، کە نەزانە و کەسی نەزانیش هەر کارێک بکات لە جیاتی سود زیانی لێدەکەوێتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە لە کۆمەڵگەی کوردیدا خەڵکی ئاواتەخوازی ئەوەبێت، کە نەک خۆی بەڵکو دوژمنەکانیشی خاوەنی مەعریفە و زانست بن.

پشت بەستن بە بەڵگە و تاقیکردنەوە بۆ بە دەست هێنانی مەعریفە و زانیاری ناوەڕۆکی پەندێکی پێشینانی کوردییە، کە لەم بارەوە وتراوە:

سەفەر و سەودا دوو بەڵگەی چاکن

تاقیکـەرەوەی پـاک و نـا پـاکـن (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٣٣)

جیاکردنەوەی کەسانی باش و خراپ و پاک و ناپاک لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بابەتێکی سادە و ساکار نییە، چونکە وەکو لەم پەندەدا باسکراوە، ناکرێت مرۆڤ لە خۆیەوە بڕیار لەسەر پاک و ناپاکی خەڵکی بدات هەتا ئەوکاتەی بە شێوەیەکی پراکتیک و سەفەر و سودا لەگەڵ ئەوکەسەنەکات، چونکە سەفەر ماوەیەکی دوور و درێژ دەخایەنێت و کەسانی هاوسەفەرە لەو سەفەرەدا پێویستیان بە هاوکاری یەکتری دەبێت و مامەڵەی یەکتریش شارەزا دەبن، هەروەها سەودا و مامەڵەش تەرازویەکی باشە و بۆ هەڵسەنگاندنی کەسی بەرانبەر و دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی. ناوەڕۆکی ئەم پەندەکوردییە ئەوەمان پێدەڵێت، کە پێویستە تاکی کوردی بۆ قسەکردن لەسەر هەر بابەتێک پشت بە بەڵگە و ئەنجامی تاقیکردنەوە ببەستێت، ئەمەش گوزارشتە لە گرنگی و بایەخی مەعریفە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و پێدانی بەرچاو ڕوونی لە سەر شێوازی دروستی بە دەستهێنانی هەموو جۆرە مەعریفەیەک.

ئەزمونەکانی ژیان پێشینانی کوردیان فێری ئەوە کردووە، کە بۆ بە دەست هێنانی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، فریوی قەول و بەڵێنی هیچ کەسێک نەخۆن، چونکە ئەنجامێکی باشی نابێت، بۆیە لەم بارەوە وتراوە:

بە قەول و قەرار قەت مەخۆ فریو

بە هیوای جیران وشکە تێکوشیـو (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٢٤)

پێشینانی کورد پێشتر ئەو ئەزموونەیان بینیووە، کە خەڵکانێک فریوی قەوڵ و قەراری بێ بنەمایان خواردووە و دەست بەتاڵ ماونەتەوە، بۆیە هۆشداریان داوەتە لەوەی، کە فریوی بەڵێنی هیچ کەسێک نەخۆی، چونکە ئەزمونەکانی ئەوان ئەوە بە ئێمە دەڵێن، کە دەمانەوێت تێگوشراوێکی تەڕ و بە لەزەت بخۆین ئەوا دەبێت پشت بە خۆمان ببەستین و بە ئارەقەی ناوچەوان بە دەستی بهێنین، دەنا دەبێت نانەکەمان بە وشکی بخۆین، چونکە پێشتر چەندین قەول و قەراری تر پشتگوێ خراون و جێبەجێ نەکراون.

هەڵسەنگاندنی خەڵکی و ناسینی کەسانی دوو ڕوو ئەنجامی تێگەیشتن و زانین و لایەنی مەعریفی پێشینانی کوردە، کە لەم گۆشەنیگایەوە نووسراوە:

کێ باسی خەڵکی کرد بە لاتـەوە

بۆ ئەوان قسەی تۆش ئەباتەوە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٤٨)

خوێندنەوەی نێتی کەسانی دوو ڕوو بابەتێکی بێ بنەما و سادە و ساکار و لە خۆوە نییە، بەڵکو لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی زەمانە لەم جۆرە کەسانە تێگەیشتوون و زانیویانە، کە نێت و مەبەستی ئەم جۆرە کەسانە چییە، بۆیە بەپێی ئەو مەعریفەیەی بەدەستیان هێناوە لەو بوارەدا خەڵکیان لەوە ئاگادار کردووەتەوە، کە بە هیچ جۆرێک قسە لەلای ئەو جۆرە کەسانە نەکەن، چونکە ئیشی ئەوانە قسە هێنان و بردنە.

ڕاوێژ کردن و وەرگرتنی بیر و بۆچوونی کەسانەی شارەزا بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک، ڕەفتارێکی لۆژیکی و ژیرانەیە، کە لەم بارەوە پێشینانی کورد وتویانە:

پرس و ڕات نەبێ ئیشت لە پاشە

سەری بێ دەلاک نە تاشی باشـە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٤٩)

هەر کاتێک مرۆڤ لە کارەکانیدا پشتی بە ڕاوێژی کەسانی شارەزا نەبەست، ئەگەری هەیە چەندین کێشە و گیر و گرفت ڕووبەڕووی ببێتەوە و کارەکەی شکست بهێنێت، بۆیە پێشینانە بە هۆی ئەو تێگەیشتنەی، کە لە ئەزمونەکانی ژیانەوە بە دەستیان هێناوە هۆشداریان داوە لەوەی، کە بە بێ پرس و ڕای کەسانی شارەزا هیچ کارێک ئەنجام نەدەین، لەبەر ئەوەی بەرەوپێشچونی کار پەیوەست نییە بەوەوە، کە زوو یان درەنگ دەست پێبکرێت، بەڵکو پەیوەستە بەوەوە، کە تاچەند ئەو کارە بە شێوازێکی دروست بە ئەنجام دەگات، هەموو کارێکیش ئەوکاتە بە دروستی بەئەنجام دەگات، ئەگەر تێیدا پشت ببەسترێت بە ئەزمون و مەعریفەیەکی تایبەت بەو بوارەوە.

هۆشداری دان لە مامەڵە نەکردن لەگەڵ کەسانی تەماعکار ئەنجامی مەعریفەیەکی ئەزمونکراوە، کە دیاری مهاباد بەم جۆرە لێی دواوە:

شتی تەمــاع کـــار لە کڕین نایە

ئەسپێی بە ئەسپە کێچی بە گایە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٥٠)

مەعریفەی پێشینانی کورد ئەوەیان درک پێکردووە، کە کەسانی تەماعکار شتەکانی خۆیان لە نرخێکی بەرزتر لە نرخی کاڵاکان دەخەنە سەوداوە، بۆیە خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە، کە یان مامەڵە لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا نەکەن، یان بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن، چونکە شتەکانی خۆیان چەند قیمەت پێیان دەفرۆشنەوە.

خستنە ڕووی زانیاری لەسەر بنەمای زانیاری و مەعریفەیەکی سەلمێنراو هەوێنی بنیادنانی پەندێکی کوردییە، کە لەم ڕووەوە دەڵێت:

ئەی خوێن مژی گەل تا زووە بمـــرە

دەڵێن سەگی هار چل شەوی عومرە (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٢٨)

سەگێک نەخۆشی هاری گرتبێت بەپێی بەڵگە و ئەنجامی توێژینەوەی زانستی ئەوە سەلمێنراوە، کە چل شەو دەژیت، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم پەندەدا وێڕای پێدانی زانیاری لەسەر نە خۆشی هاری سەگ، بە پشت بەستن بە مەعریفە و زانیاری تاکی کوردی لەوە ئاگادار دەکاتەوە،کە هەرگیز بیر لەوە نەکاتەوە لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات و پلە و پایە، پەنا بۆ توند و تیژی و کاری ستەمکارانە نەبات، ستەم کردنی فەرمانڕەوا هاوشێوەی هاری سەگە، لە ئەزمونی پێشینانەوە ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە، کە لە ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی ستەمکار هاوشێوەی سەگی هار تەمەنیان کورت بووە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم پەندە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە هەموو پەندێکی کوردی لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونەوە بەدیهاتووە، بۆیە دەکرێت بوترێت پەندی کوردی کانگای مەعریفەی کۆمەڵگەی کوردییە.

سەرەڕای ئەو نموونە پەندانەی، کە خرانەڕوو، مەعریفە و زانست و زانیاریی زۆریان تێدابوو، سوودی زۆریان لێ بینراوە، بەڵام کۆمەڵێک پەندیشمان هەن، کە لەسەر حیسابی مەعریفە و زانست و زانیاریی دروستبوون، بەڵام کە لێیان دەکۆڵییەوە تێدەگەیت، کە زیاتر خەیاڵی بێ بنەمان و هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە و زیاتر لەسەر ئەزموون و تەجروبەی هەڵە هەڵچنراون و بەناوخەڵدا بڵاوبوونەوە و جێگەوتوون، زۆرجار ڕووداوێکی ناخۆش لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا بووە بە بنەما و یاسا بۆ دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە، بۆیە وەکو ئامۆژگاریی زانستیی و مەعریفی حیسابیان لەسەر کراوە، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەم پەندانە:

شـــەممە باشە بۆ هەموکار و بار
بەڵام قەت بوکی تێدا مەکە سوار (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٦٨)
واتا ژن هێنان و بووک گواستنەوە لە ڕۆژی شەممەدا گونجاونییە و خراپە.
شەممە و دوو شەممە و سێ شەممە لیباس
مـەبـــڕە زەرەرە بـە تـــەجـرەبـەی خـاس (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٦٨)
واتا لە ڕۆژی شەممە و دووشەممە و سێ شەممە جلوبەرگ مەدروو، خراپە.

ماڵ گەسکە مەدە بە نوێژی شێوان
نـەوەک ناکـــۆکی بخاتە نێـــــوان (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٦٨)
واتا کاتی نوێژی شێوان ماڵ گەسکدان خراپە و دەبێتە هۆی دروسبوونی شەڕ و ئاژاوە ناکۆکی.

یا نوکی گەسک بدە لە ئاگر
تۆ لە پێشینان نازانی چاتر (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٦٨)
یان ئەگەر هەر گەسکدانیش هەبوو لەوکاتەدا، ئەوا دەبیت نووکی گەسکەکەی لە ئاگربدەی، ئەوە ئەزمووني پێشینانە.
مریشک خوێندی سەری ببڕە زوو
دەڵێن تێکدەدا بەینی ژن و شـــــو (مەلا غەفور، ١٣٦٢: ٦٨)
واتا ئەگەر مریشک خوێندی وگاڵەگاڵی کرد دەبێت زو سەرببڕی، چونکە ئەگەر بەردەوامبێت دەبێتە هۆی تێکدانی نێوان ژن و مێرد.

هەموو ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی، کە لەم پەندانەدا قسەیان لەسەر کرا مشتێک بوون لە خەروارێک لە لایەنی مەعریفی ناو پەندی پێشینای کوردی، بۆیە دەگونجێت بوترێت: پەندی کوردی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پاراستنی کەلتوور و لایەنی مەعریفی کۆمەڵگەی کوردی، چونکە زۆربەی ئەو بابەتە مەعریفیانەی لە پەندی کوردیدا ڕەنگیانداوە بەشیکی سەرەکین لە کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی.

## ئەنجام

- پەندی پێشینان وەکو لایەنێکی گرنگی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی بەشی زۆری بابەت و کەرەستە خاوەکانی لە کەلتوور و داب و نەریتی کوردەواری وەرگرتووە و تێکەڵی و خاڵی هەوبەشی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

- زۆربەی ئەو پەندانەی لە کتێبی دیاری مهابادا بە هۆنراوە دارێژراون داب و نەریت پێکهاتەیەکی سەرەکی ناوەرۆکەکەیانە، بۆیە دەکرێت بوترێت ئەم پەندانە وەکو شورایەکی پۆلایین بەشێکی زۆری داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردیان پاراستووە.

- پەندەکانی ناو کتێبی دیاری مهاباد گوزارشتن لە زانست و زانیاری و تێگەیشتن و لایەنی مەعریفی کۆمەڵگە و تاکی کوردی.

- بەشێکی زۆری پەندەکانی ناو کتێبی دیاری مهاباد ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزمونی پێشینانی کوردن و سەلمێنراوون، دواتر وەکو مەعریفە و زانین و تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی چەسپاون و جێگیر بوون و لە رێگەی پەندی کوردییەوە لە فەوتان پارێزراون.

- ژمارەیەکی زۆری پەندەکانی ناو کتێبی دیاری مهاباد ناوەرۆکەکەیان باسی گرنگی و بایەخی زانست و زانیاری و زانین و تێگەیشتن و مەعریفەیە.

- ئەگەرچی لە پەندی کوردیدا زۆر بابەتی بەسوودی مەعریفی و زانینیان تێدایە بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا هەندێک پەندیشمان هەن، کە جگە لە خەیاڵی بەتاڵ و بێ بنەما هیچ زانیارییەکی بەسوودیان تێدانییە.

## ڕاسپاردە

- پێشنیار دەکەین لێکۆڵەرانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، درێژە بەم جۆرە لێکۆڵینەوانە بدەن، چونکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا چەندین کتێبی ترمان هەن، کە ناونیشانەکەیان پەند یان ئەدەبی فۆلکلۆری و زارەکی کوردی نییە، بەڵام لە بنەڕەتدا بە ئامانجی پاراستنی ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی کوردی نووسراون و چاپکراون، بەم شێوەیە دەتوانرێت ڕۆشنایی بخرێتە سەر چەندین داب و نەریت و بابەتی کەلتووری و مەعریفی کۆمەڵگەی کوردی و خوێنەر پێی ئاشنا دەبێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوە کوردییەکان


١- ئەبوبەکر، سەدرەدین نورەدین (٢٠٠٥)، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

٢- بۆرەکەیی، صدیق (٢٠٠٨)، مێژووی وێژەی کوردی – بەرگی سێیەم، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٣- پەروین سازگارا( 2003)، ئاوڕدانەوەیەک لە کۆمەڵناسی، جەواد مستەفا ستوپەیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

٤- داریوش ئاشوری( ؟)، کەلتوور- چەمک و پێناسەکان، و.کۆسار فەتاحی، وەزارەتی رۆشنبیری.

٥- حەمید عەزیز( 2014)، بنەماکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٦- خاڵ، شێخ محمد(٢٠٠٧): پەندی پێشینان، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٧- خاڵ، شێخ محمد (2005): فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولێر.

٨- ڕزگار کەریم، فەرهەنگی (عەرەبی- کوردی) دەریا، بەشی یەکەم، کتێبخانەی تیشک چاپی سێیەم.

٩- ڕەسوڵ، د. عیزەدین مستەفا (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٣، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٠- ڕەسوڵ، د. شوکریە (٢٠٠٨)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١١- سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٢): مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

١٢- غەفور، مەلا (١٣٦٢)، دیاری مهاباد، دەزگای چاپی سیدیان، چ١، مهاباد.

١٣- مەسیفی، ئەنوەر (٢٠٠٤)، فۆلکلۆر بەشێکی هەرە زیندووی ئەدەبەکەمانە، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆری، ژ. ٦، هەولێر.

١٤- مەنسوور وسووق – عەلی ئەکبەر نیک خولق (2013)، بنەماکانی کۆمەڵناسی، و. سیروان محمد حاجی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٥-مەنوچێهر موحسنی (2002، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. ڕێبوار سیوەیلی – مەسلّح ئیروانی  مراد حەکیم – دارا سوبحان – ئەبوبەکر عەلی  دلشاد حەمە - تەحسین تەها (2002)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٦- ناوخۆش، سەلام (٢٠٠٦): فەرهەنگی ئۆکسفۆردی نوێ، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٧- هەژار ( 1385 هە.ش)، فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە، چاپخانەی سروش، چاپی پێنجەم، تاران.


### سەرچاوە فارسییەکان

۱۸- انیس، ابراهیم (۱۳۸۲ هـ.ش): المعجم الوسیط، ت. بندر ریگی، محمد، ج.دوم، انتشارات اسلامی، تهران.

۱۹- الهی نژاد، حسن (بهار ۱۳۹۳)، معرفت شناسی مهدویت پژوهی، فصلنامه علمی پژوهشی مشرق موعود، سال هشتم، شماره ۲۹.

۲۰- اصفهانی، علی کرباسی زاده، ماریا حیدریان (بها ۱۳۸۸)، مبانی معرفت شناسی مدرن، حکمت و فلسفه، سال پنجم، شماره اول.

۲۱- امامی، سید مهدی، زهرا طالبی (بهار و تابستان ۱۳۹۱)، سنت و سنت گرایی از دید هاه فریتیوف شوان و دکتر سید حسین نصر، الهیات تطبیقی، علمی پژوهشی، سال سوم، شماره هفتم.

۲۲- انوری، حسن (۱۳۸۲): فرهنگ سخن، انتشارات سخن، ج. پنجم، چاپخانه مهارد، تهران.

۲۳- حجت، عیسا (بهار۱۳۹٤)، سنت سنت گرایان و سنت گرایی معماران، نشریه هنرهای زیبا – معماری و شهر سازی، دوره ۲۰، شماره۱.

۲٤- رحیمی، شیدا، هادی یوسفی، ایوب مرادی (۱٤۰۱)، بازتاب آداب و سنن فرهنگی در غزلیات آزاد بلگرامی، مطالعات شبه‌قاره دانشگاه سیستان و بلوچستان، دوره ١٤، شماره ٤٢، بهار و تابستان ۱٤۰۱، ص ۱۲۱ – ۱٤٦).

۲٥- رنجبر، شهربانو، محمد علی داوود آبادی فراهانی، محمدرضا زمان احمد (۱٤۰۱)، سبک شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب)؛ ظرائف آداب و رسوم اجتماعی و فرهینگی در آثار سعدی، گروه زبان ادبیات فارسی، دانشکده علوم انسانی، واحد اراک، دانشگاه آزاد اسلامی، اراک، ایران، دوره۱۱٥، شماره پیاپی ۸۱، ص ۱۳۱ – ۱۱۷.

۲٦- کدیور، محسین، طیبه کرمی، (بهار و تابساتان ۱۳۸٤)، معنای سنت از دیدگاه سنت گرایان، مقالات و بررسیها، دفتر ۷۷ (۲) فلسفه.

۲۷- گشتاسب، فرزانه (۱۳۹۱)، تأملی در آدب و رسوم زرتشتیان ایران، پژوهشنامه ادیان، سال ٦، شماره ۱۲، پایز و زمستان ۱۳۹۱.

۲۸- فتاحی قازی، قادر(۱۳٦٤ هـ.ش.): امثال و حکم کردی، چاپخانه شفق، تبریز.

۲۹- قنواتی، محمد جعفر (اردی بهشت ۱۳۸٤)، درباره ادبیات شفاهی، تعریف فرهنگ عامه یا تعیین موضوعاتآن، کتاب ماه کودک و نوجوان.

۳۰- عبدالحسینی، فاطمه، ماندانا علیمی (تابستان ۱٤۰۲)، تحلیل فرهنگ عامیانه در جامعه‌شناسی ادبیات سحابی استر آبادی، فصلنامه علمی، مطالعات سیاسی – اجماعی تاریخ معاصر ایران، دوره ۲، شماره ۲، ص۳۹۲ – ۳٦۷.

۳۱- طباطبای، سید حسین (۱٤۰۰)، معالعه تطبیقی بنیادهای سنت حقوق چین در پر تو دیگر سنت های حقوقی، فصلنامه پژوهش های حقوق تطبیقی، دوره ۲٥، شماره۳، ۱۰۹ – ۱۳٥.

۳۲- ماجد مەردۆخ روحانی ( 1388 هه.ش)، فرهنگ (فارسی – کردی) دانشگاه کردستان، نشر دانشگاه کردستان، چاپ اول، سنندج.

۳۳- مرادی، محمدرضا، علیرضا جلالی (تابستان ۱۳۹٥)، نظریه معرفت شناسی ابن حزم، فصلنامه علمی – پژوهشی آینه معرفت، سال شانزدهم، شماره چهل و هفتم.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

34- Titus. An.  Burckhardi (967), Introduction to Sufi Doctrin. Wellingborough. Thorsons.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-01-01

# The Role of Proverbs in Preserving Kurdish Culture

**Rizgar Abdulla ahmed [1], karwan saleem qaytaran [2]**

1-Kurdsh Department, coleg of Education of Qaladze, Raparin University, City, Kurdistan Regional Government, Iraq.
2-Kurdsh Department, coleg of Education of Qaladze, Raparin University, City, Kurdistan Regional Government, Iraq.

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Oral literature, culture, proverbs, customs and traditions, intellectual aspects**

**Corresponding Author**

Rizgar.abdullah@uor.edu.krd
Karwan.saleem@uor.edu.krd

## abstract

Oral literature, as an essential part of Kurdish culture, plays a significant role in preserving the national identity of the Kurds. It can be viewed as a distinctive and defining feature of their cultural heritage, as the oral literature of any community or nation is considered a fundamental component of its culture, carrying unique characteristics that set it apart.

From this perspective, it can be argued that one of the primary duties of Kurdish proverbs is to preserve a portion of the Kurdish national culture. These proverbs encompass various cultural and traditional aspects passed down through generations. This study, titled "The Role of Proverbs in Preserving Kurdish Culture," seeks to examine a range of cultural elements—such as customs, traditions, and intellectual aspects—within Kurdish proverbs. It also aims to demonstrate why, despite their ancient origins, these cultural elements remain a living part of Kurdish literature today.

This study follows a descriptive-analytical approach. Its significance lies in proving that Kurdish proverbs continue to safeguard many Kurdish traditions and cultural elements, reinforcing the idea that Kurdish society, like all others, possesses a rich cultural identity that can be recognized as part of its distinct character.

One of the important conclusions of this research is that a portion of Kurdish cultural elements—including customs, traditions, and intellectual aspects—have been documented and preserved within the framework of Kurdish proverbs.